Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10238

# دركپێكردنی میتافۆرییانەی ناوی ئاژەڵان لەزمانی كوردیدا(ئاخاوتنی رۆژانە)

**بەهرە سەلام حمە غریب**

بەشی گەشەپێدانی مرۆیی، كۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانكۆی هەڵەبجە، هەرێمی كوردستانی عێراق

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا كردەی دركپێكردنی میتافۆرییانەی ناوی ئاژەڵان خراوەتە روو، كەتێگەیشتنمان لەزماندا بۆ دەهێننەئاراوە، لەبەرئەوە بەپێویستمان زانی باس لەتیۆری دركپێكردن و میتافۆڕ بكەین، هەروەها چۆنیەتی بەكارهێنان و دركپێكردنیانمان لەزماندا خستووەتەروو، ئامانج لەم توێژینەوەیە، هەوڵێكە بۆ شیكاریی و لێكۆڵینەوە لەبواری میتافۆردا، میتافۆریش كەرەستەیەكی گرنگی زمانی دركپێكردنە، تەوەری سەرەكی توێژینەوەكەمان كاركردنە لەچوارچێوەی تیۆری زانستی زمانی دركپێكردندا، كەدەڵێت، كۆزانینی زمانیی لەبەكارهێنانی زمانەوە دەردەكەوێت و دروستدەبێت ، ڕێبازی پەسنی-شیكاریی بەكاردەهێنرێت، نموونەكان لەئاخاوتنی رۆژانەوە وەرگیراون، دركپێكردن بنەمایەكی بەهێزە بۆ لێكۆڵینەوە لەمیتافۆڕ، كەئایا كردەی دركپێكردنی میتافۆرییانە پشت بەچی دەبەستێت، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندا‌وە باس لە بەكارهێنانی میتافۆرییانەی ئاخێوەرانی زمانی كوردی بكەین، كەچۆن ناوی ئاژەڵان بەواتای میتافۆریی جیاواز بەكاردەهێنن ، بەهۆی مەودای سەرچاوە ومەودای مەبەستەوە دركپێكردنمان بۆ دەربڕاوەكان دێتەئاراوە،دەربڕاوەكان لەچەمكی مرۆڤەوە دەگۆڕێن بۆ چەمكی ئاژەڵ ، لەچوارچێوەی میتافۆری چەمكییانەدا.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

دركپێكردن، میتافۆڕ، ناوی ئاژەڵان، ئاخاوتنی رۆژانە

***Corresponding Author***

Bahra.hamagharib@uoh.edu.iq

## تەوەری یەكەم / زانستی زمانی دركپێكردن و بنەماكانی:

دركپێكردن شیكردنەوەی واتای ناوەوەی دەربڕاوەكانە، لەتیۆری دركپێكردندا فۆڕمە زمانییەكان سەرەداوێكن، كەلەئاوەزدا واتا چالاك دەكەن، ئەم چالاككردنە لەتاكەكاندا جیاوازە، چونكە واتا لەسەربنەمای ئەزموونی هاوبەشی تاكەكان و ئەزموونی تاك بەرهەمدێت (نەریمان حسن حەمەكەریم،٢٠١٦)، دركپێكردن هۆكاری پەیوەندیكردنی مرۆڤە بەجیهانی دەرەوەوە.

### ١- زانستی زمانی دركپێكردن:

زانستی زمانی دركپێكردن زمان بەتەنها هۆكارێك دەزانێت بۆ گواستنەوەی زانیاری، چەمك و ئەزموون، ئامانج لەزانستی زمانی دركپێكردن ئاشكراكردنی واتایە(بڕوانە (شیلان احمد اسماعیل، بەهرە سەلام، ٢٠٢٠، ل١٨٩-١٩٢)، پرۆسەی وەرگرتن و هەڵبژاردن و لێكدانەوەی دەربڕاوەزمانییەكانە، سایكۆلۆژیای دركپێكردن ئەوەیە كەمرۆڤ لەرێگەی هەستەكانییەوە كۆمەڵێك واتا و زانیاری (وروژێنەر) دەگاتە مێشكی، هەوڵدەدات زانیارییەكان رێكبخات و لێكیانبداتەوە، لەئەنجامدا (بەچەمككردن)دێتە ئاراوە، (پرۆسەی دركپێكردن لەئاوەزدا روودەدات، كە بریتییە لەچۆنیەتی بونیادنان و پەیوەندیكردنی واتای زمانیی و بەكارهێنانەكانی زمان) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە( كاروان عمر قادر، ٢٠١٢) كەواتە دركپێكردنەكان لەمێشكدا چالاكدەكرێن و هەڵدەسەنگێندرێن، زانستی زمانی دركپێكردن "وێنەكاری (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وێنەكاری بڕوانە:بەهرە سەلام، شیلان احمد اسماعیل، ٢٠١٩) و وێنەی ئاوەزیی لەگەڵ یەكترپەیكاڵ دەكات، چونكە هەردووكیان وێنەن و بەرەوبینین و تێروانینی تازەمان دەبەن"(ئاڤێستا كەمال محمود، ٢٠١٣، ل٨)، هەریەكە لە ئەزموون و ژینگە و رۆشنبیری و توانای فسیۆلۆجی )كاریگەریی دیاریان لەسەر دركپێكردنەكانی مرۆڤ هەیە ، دەتوانین بڵێین دركپێكردن لەدەربڕاوە زمانییەكاندا پەیوەستە بە :

١-" توانای هزری لەبوونی چەمك و فۆرمەكاندا .

٢- چۆنییەتی پێكەوەهاتن و رێكخستنی كەرەستەكان.

٣- زانیاری و سودوەرگرتن لە ئەزموون" (ئاڤێستا كەمال محمود، ٢٠٠٩، ل٢٧-٤٢).

**٢- بنەماکانی درکپێکردن :**

زانستی زمانی درکپێکردن هەوڵێکی گرنگە بۆ ئاشکراکردنی واتا، زمان بەتەنها هۆکارێک دەزانێت بۆ گواستنەوەی زانیاری و ئاشکراکردنی واتا، ئەم زانستە خاوەنی سێ بنەمای سەرەکییە(بڕوانە کاروان عمر قادر، ٢٠١٢، ل٧٨-٧٩)

یەکەم : ئەرکی زمان گەیاندنی واتایە .

زمان پێڕەوە و بەهۆی ڕشتەی وتن و بیستنەوە کاردەکات، هۆکارێکە بۆ لەیەکترتێگەیشتن ،لەڕێگەی زمانەوە دەتوانین بیرکردنەوەکانمان ، بەهۆی هەردوو پێڕەوی دەنگیی و پێڕەوی واتاییەوە دەربڕین ، لەپێڕەوی دەنگیدا دەردەکەوێت، کەهەر زمانەو ژمارەیەکی دیاریکراو دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە،بە فۆنیم ناسراون ،بەپێی یاسا ڕێکدەخرێن، لەپێڕەوی واتادا چەند دەنگێک یەکدەگرن و واتاو مەبەستێک دەدەن بەوشەیەک ،وشەکان بێسنور دووبارە دەبنەوە بەبێ ئەوەی واتا تێکبدەن ، بەڵکو تێگەیشتن دێننەئاراوە.

دووەم : زمان و واتای سیمانتیکی سیستەمێکن بۆ بەکاتەگۆریکردنی جیهانی ڕاستەقینە، لەبنەڕەتدا کۆزانینی جیهانی پەیوەستە بە خودی زمانەوە .

بونیادنانی واتا پێویستی بەکۆزانینی جیهانیی هەیە، واتای زمانیی لەسەر بنەمای بەکارهێنان و شارەزایی کاردەکات(کاروان عمر قادر، ٢٠١٢،ل٨٢).

سێیەم : زمان و واتای زمانیی ڕەنگدانەوەی پەیپێبردنی مرۆڤە بۆ جیهانی ڕاستەقینە و ڕەنگدانەوەی لەزماندا بەوشێوەیەی بینیویەتی، نەک بەوشێوەیەی لەڕاستیدا هەیە .

ئەم زانستە زیاتر لەزانستەکانی تری زمان گرنگی بەواتای زمانی و تایبەتمەندییەکانی واتای زمانیی دەدات، چونکە هەریەک لەو تایبەتمەندییانە دەبنە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی تیۆرە سەرەکییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، ئەوانیش؛

١- زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە، بانگەشەی ئەوە دەکات کەزمان و پێکهاتەکانی پێکەوە نەخشەکێشانی زمانیی تەواودەکەن، مەبەستی سەرەکی لەم تیۆرەدا ئەوەیە "کە نواندنی کۆزانینی زمانیی بنەڕەت وبنەمایە بۆ نواندنی هەمان بونیادە چەمکییەکانی تر"(نالی ئەدهەم غەریب،١٠،٢٠١٦) .

٢- ڕێزمان بریتییە لەسیستەمی (بەچەمککردن)، ئەم پرۆسەی بەچەمککردنەش سەرجەم دروستە چەمکییەکانی بیرکردنەوەو دونیابینی دەگرێتەوە .

واتای زمانیی لە بەچەمککردنەوە دێتە ئاراوە، بەچەمککردنیش پەیوەستە بە سروشتی ڕاستەقینەی یەکە بەچەمککراوەکان(بڕوانە :نالی ئەدهەم غەریب، ٢٠١٦، ل٥٣-٥٤)، بەچەمککردنەکان لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر جیاوازن، پشت بەئەزموون و شارەزایی ئاخێوەرانەوە دەبەستێت.

٣- "کۆزانینی زمانیی لەبەکارهێنانی زمانەوە دەردەکەوێت و دروستدەبێت، ئەم تیۆرییە وەلامدانەوەیەکە بۆ ڕێبازی لێکۆڵینەوە سینتاکسی و سیمانتیکییەکان، کە پێیانوایە کاتەگۆری و نەخشەو وێنەکان خۆڕسکی بەمرۆڤ بەخشراون، ئەم توانا خۆرسکییە کۆزانینی زمانەوانی مرۆڤ ڕێکدەخات و پۆلێنین دەکات" (کاروان عمر قادر، ٢٠١٢، ٨٥-٩٨)، خودی کۆزانینی زمانیش بەتایبەتی بیرکردنەوەو تێڕامانەکانی مرۆڤ لەزماندا هەڵگیراوە، کەدەتوانرێت لەڕێی کۆنکرێتکردنی ئۆرگانیی و کۆنکرێتی تاکێتی تاک و شارەزاییەکۆکراوەکانی مرۆڤەوە دیاریبکرێت(بڕوانە (کاروان عمر قادر، ٢٠١٢) (نالی ئەدهەم غەریب، ٢٠١٦) سەرچاوەکانیان ، هەر وردبوونەوەیەک لەکۆزانینی مرۆیی بەتایبەت کۆزانینی زمانیی دەبێت لەهەرسێ ڕەهەندی پەیوەندیداری ئاوەز، زمان، شارەزاییەوە سەرچاوەبگرێت .

**تەوەری دووەم / میتافۆڕ:**

میتافۆڕ یەکێکە لەجۆرەکانی واتا، لە کۆندا وتراوە، بریتییە لەخواستنی واتای وشە، گواستنەوەی واتای وشەیە لەکێڵگەیەکی واتاییەوە بۆ کێڵگەیەکی واتایی دیکە، بەهۆی بوونی نیشانەی واتایی هاوبەش لەنێوان کێڵگەکاندا. بۆ نموونە (ورچ) سەربەکێڵگەی ئاژەڵانە، بەڵام لەخواستنی واتادا، دەگوازرێتەوە بۆ کێڵگەی واتایی مرۆڤ، ئەمەش بەهۆی بوونی نیشانەی واتایی هاوبەش لەنێوان کێڵگەی مرۆڤ و ئاژەڵدا، کە(+قەڵەو)یە ، زانستی زمانی درکپێکردن لەسەر بنەمای کۆزانین و ئەزموونەکان واتامیتافۆرییەکان دیاریدەکات، میتافۆڕ وەک مەودایەک دەردەکەوێت ،کە تێکردەی دوو مەودای ترە، بەرهەمێکی سەرنجڕاکێشانە دەخولقێنێت، بەهۆی گواستنەوەی هەندێک تایبەتمەندی لەنیوان مەوداکاندا(نالی ئەدهەم غەریب، ٢٠١٦، ل٧٣)، لەلای (ڕۆمان یاکۆبسن )میتافۆڕ لەسەر بنەمای لێکچوون /پەیوەندی نزیکیی بونیاددەنرێت، کەبەردەوام لەئاخاوتنەکاندا ئامادەییان هەیە.

١-ا لەباخچەی ئاژەڵان ورچم بینی .

ب- شیرین ئەوەندەی خواردووە بووە بە ورچ .

لەنموونەی (١-ا) و(١-ب)دا ، پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان (ورچ) و (شیرین)دا بەرهەمدێت، بەهۆی گواستنەوەی هەندێک تایبەتمەندی لە(ورچ)ەوە بۆ (شیرین)لەسەربنەمای بوونی لێکچوون/پەیوەندی (قەڵەوی)، ئەوە تایبەتمەندی (قەڵەوی)یە کەپەیوەندییەکە لەنێوانیاندا دروستدەکات.

میتافۆڕ دیاردەیەکی زمانییە(بەکر عمر علی،٢٠٠٠،ل٨)، لەزۆربەی شێوازەکانی گەیاندن (وتاری ئاینی،گوتاری ڕۆژنامە، ئاخاوتنی ڕۆژانە، نوسینی فەلسەفی، بواری ئەدەبی،.... )دا بەکاردێت، (دیاردەیەکە ڕۆڵی گرنگی لەکشان و فراوانکردنی واتای یەکەزمانییەکاندا هەیە)( بێستوون حسن احمد، ٢٠١٨،

ل ١١٦)، بوارێکە بۆ فراوانکردنی واتا، کەدیاردەیەکی گرنگی زمانە و دەتوانین وشەیەک بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکار بهێنین .

٢-ا/ حەزم لە شلەی پاقلەیە.

ب/ شارا کەوتە پاقلەکەوە .

٣-ا / دیوارەکە خوارە .

٣-ب / کابرا لوتی لێمان خوارە .

لەنموونەی (٢-ا)دا پاقلە بەواتای فەرهەنگیی خۆی بەکارهاتووە، بەڵام لە(٣-ب) بەواتای میتافۆڕیی دێت، کەمەبەست (تێکەوتن و دۆڕان )ە.

نموونەی (٣-ا) خوار بەواتای فەرهەنگی بەکارهاتووە، بەڵام (٣-ب) خوار واتایەکی میتافۆڕییە و بەواتای (تورەبوون)دێت.

میتافۆڕ دیاردەیەکی چەمکییە، لەمیتافۆڕدا دوو مەودا هەن، کە مەودای (سەرچاوە و مەبەست )ن لەنێوان دووچەمکی جیاوازدا(نالی ئەدهەم غەریب، ٢٠١٦، ل٨٩-٩٢)، بەکارهێنانی وشەیەکە لەنێوان دوو چەمکی جیاوازدا، وێنەکارییە لەنێوان دووچەمکی جیاوازدا، بەمەبەستی تێگەیشتن و گەیاندنی واتایەکی فراوان، کاتێک ناوی ئاژەڵان بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنین، دەبێتە وێنەکاریی لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، کە دوو چەمکی جیاوازن، واتە دروستبووونی پەیوەندی چەمکیی نوێیە لەدەربڕاوەکاندا.

٤-ا سەردارت بینی چۆن لەنێوان ئاشنا و ئاسیادا دانیشتبوو ؟

٤-ب ئەو ڕێوییەت بینی چۆن لەنێوان ئەو دوو ورچەدا دانیشتبوو ؟

نموونەکانی (٤-ا)و(٤-ب) بەکارهێنانە لەنێوان دووچەمکی جیاوازدا، کە چەمکی مرۆڤ و ئاژەڵن، مەودای سەرچاوە و مەودای مەبەست دیاریکراون ،"کە بەشێکنین لەهەمان داڕشتە، واتە دوو مەودای خاوەن دوو داڕشتەی جیاوازن" (نالی ئەدهەم غەریب، ٢٠١٦، ل٩١)، گواستنەوەی تایبەتمەندییە لە ئاژەڵانەوە بۆ مرۆڤ، لەنێوان (سەردار)و(ڕێوی)پەیوەندی (فێڵباز) هەیە، لەنێوان (ئاشنا و ئاسیا) و(ورچ) تایبەتمەندی (قەڵەوی)یان بۆ گوازراوەتەوە، واتە لێکچوونی نێوانیان قەڵەوییە.

| سەردار | ڕێوی | ئاشنا+ ئاسیا | ورچ |
|---|---|---|---|
| + مرۆڤ | +ئاژەڵ | +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +نێر | +- نێر | -نێر | +-نێر |
| +_هەراش | +دڕندە | +_هەراش | _دڕندە |
| +فێڵباز /+لاواز | +فێڵباز | +قەڵەو | +قەڵەو |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست | مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ | چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

واتای میتافۆڕیی لەبەکارهێناندا چالاکە، لەکردە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانەوە دروستدەبێت(بێستوون حسن احمد، ٢٠١٨، ل٤٠-٤١ )، بۆ نموونە، (چاو پیس، زمان درێژ، ....)لەکردەی مۆرفۆلۆژین، (زانیار مرەی لێوە نایەت، سەیوان بەردەوام نەرەنەرێتی )کردەی سینتاکسین، میتافۆڕ دەکرێت لە ڕستەی ڕاگەیاندن و ڕستەی پرس و ڕستەی سەرسوڕمان و ڕستەی فەرماندا دەربکەوێت، (لەدەرکەوتندا واتا سەرەکییەکەی ناسڕێتەوە، بەڵکو زۆرجاریش دەبێتە هۆی زیادکردنی واتای فەرهەنگی)( سازان ڕەزا معین، ٢٠٠٥)، هۆکارێکە بۆ کشانی واتا.

١- واتای سەرەکی و واتای لاوەکی لەمیتافۆڕدا:

لەچوارچێوەی پراگماتیکدا بەمشێوەیە باس لەواتای میتافۆڕکراوە ، کە هەموو وشەیەک خاوەنی دروستەی واتایی(نیشانەی واتایی) خۆیەتی، خۆیان لەواتای سەرەکی و واتای لاوەکیدا دەبیننەوە، لەکاتێکدا یەکێک لە دروستەواتاییەکان زیادکران یان لابران، وشەکە بەواتای فەرهەنگی خۆی بەکارنایەت، بەڵکو واتایەکی میتافۆڕیی دەگەیەنێت و واتاکانیشی لەو سیمایانەوە دێت، کە وشەکە لەبنەڕەتدا هەیەتی، واتای میتافۆڕیی لەسەربنەمای دروستە واتاییە لاوەکییەکانی وشە بنیاتدەنرێت، نەک دروستە واتاییە سەرەکییەکانی(بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میتافۆڕ بڕوانە ( بەکر عمر علی : ٢٠٠٠ )،(ڕۆژان نوری عبداللە، ٢٠٠٧-١٧٧-١٨٧ ) ، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە وشەکانی (گوڵ، شێر، مار )، کەخاوەنی کۆمەڵێک دروستەی واتایی سەرەکیی و لاوەکین:

| گوڵ | | شێر | | مار | |
|---|---|---|---|---|---|
| (د.و) سەرەکی | (د.و) لاوەکی | (د.و) سەرەکی | (د.و) لاوەکی | (د.و) سەرەکی | (د.و) لاوەکی |
| +ڕووەک | + جوانی | +ئاژەڵ | + درندە | +خشۆک | +پیوەدان |
| +ڕەنگ | +ناسکی | +بەهێز | +گۆشتخۆر | + ڕەنگ | +خراپ |
| | | | | + جۆر | |
| + بەرهەم | + بۆنخۆشی | + شیردەر | +ئازایەتی | | + کوشتن |
| | | | | + ژار | |
| | +پاکی | | | هیلکە | |

خشتەی ( ١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا واتا میتافۆڕییەکانیان دەخەینەڕوو.

٥- گوڵ دەرکەوت .

٦- شێرەکەی مامی دەرکەوت.

٧- ماری سڕە خۆی دەرناخات.

لەڕستەی (٥)دا باس لەهاتنی کەسێک دەکرێت کەلەجوانی و پاکیدا لەگوڵ دەچێت، بەڵام لەڕستەی (٦)دا باس لەدەرکەوتنی کەسێک دەکرێت، کەوەک شێر ئازایە، لەکاتێکدا لەڕستەی (٧)دا باس لەکەسێک دەکرێت، کەوەک ماری سڕ وایە، خۆی دەرناخات کەکەسێکی خراپە، بەڵام وەک ماری سڕیوو وایە و بۆ هەلێک دەگەڕێت بۆ پێوەدان، لەنموونەکاندا دەردەکەوێت، کە واتای میتافۆڕیی لە دروستە واتاییە لاوەکییەکانەوە دروستدەبێت .

واتای سەرەکی : بوونی سەرجەم دروستەواتاییەکانی وشەکانە، کاتێک بەواتای فەرهەنگیی بەکاردێن .

-واتای لاوەکی (بڕوانە دارا حمید محمد،واتاسازی، ٢٠١٠، ل٢٦): بوونی دروستەی واتایی وشەکانە، کەبەواتای فەرهەنگیی نایەن، بەڵکوبۆ واتای دیکە دەخوازرێن کە میتافۆڕیش یەکێکە لەجۆرەکانی واتا ، لێرەدا دەتوانین بڵێین واتای لاوەکی بۆ واتایەکی میتافۆڕیی دەخوزرێت.

زمانەوانەکانی بواری زانستی زمانی درکپێکردن(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شیلان احمد اسماعیل، بەهرە سەلام حم غریب، ٢٠٢٠، ل١٩٤) ،لەبواری میتافۆڕدا باسیان لە بیرکردنەوەی درکپێکەرانەکردووە، دەڵێن کە چەمکی درکپێکەرانە پەیوەندییان بەبونیادی میتافۆڕەوە هەیە ، میتافۆڕ لەزۆربەی زمانەکاندا بریتییە لە مۆدێلێکی درکپێکردنی نموونەیی، پرۆسەیەکی درکپێکردنانەیە.


٢- میتافۆڕی درکپێکراو:

درکپێکردن بنەمایەکی بەهێزە بۆ لێکۆڵینەوە لەمیتافۆڕ، پەیوەست بەزانستی زمانی درکپێکردنەوە هەردوو زمانەوان (لاکۆف و جونسن)لە کتێبەکەیاندا (میتافۆڕ کەبەهۆیەوە دەژین) هەموو زمان بەدیاردەیەکی خوازەیی /میتافۆڕیی دادەنێن(شیلان احمد اسماعیل، بەهرە سەلام، ٢٠٢٠، ل١٩٣)، دیاردەیەکی بڵاوی ژیانی ڕۆژانەیە، نەک تەنیا لەزماندا(نالی ئەدهەم غەریب، ٢٠١٦، ل٧١)، بەڵکو لە بیرکردنەوە و ئەزموونەکانیشماندا ئامادەیە، بەهۆی میتافۆڕەوە دەتوانین شێوازی بیرکردنەوە و درکپێکردنی هەرتاکێک دیاریبکەین، پێکهاتە میتافۆرییەکان خاوەنی ڕاڤەکردنێکی سیمانتیکیی نین(شیلان ئەحمەد ئسماعیل، ٢٠١٥، ل١٢٦)، بەڵکو بۆ لێکدانەوە و درکپێکردن و تێگەیشتن لێیان پشت بەکۆزانینی زمانیی دەبەستین، "زانستی زمانی درکپێکردنیش جەخت دەکاتەوە لەسەرئەوەی کە کۆزانینی زمانیی بەشداری لەکۆزانینی گشتی مرۆڤدا دەکات دەربارەی جیهان و پەیپێبردن و درکپێکردنن بەخودی جیهان"بڕوانە(کاروان عمر قادر ٢٠١٢.)، میتافۆڕی درکپیکراو(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:نالی ئەدهەم غەریب، ٢٠١٦، ل٩١-٩٣) ئەو میتافۆڕانەن کە دەتوانین بەهۆی کۆزانیاری و ئەزموونەکانمانەوە درکیانپیبکەین،تیۆری درکپێکردن ، میتافۆڕ دابەشدەکات بۆ دوو مەودا، کە مەودای ئامانج و مەودای سەرچاوەن، میتافۆڕی درکپێکراو بریتییە لە بنیاتنانی مەودای ئامانج بەسودوەرگرتن لە پەیپێبردنەکان، کە لەمەودای سەرچاوەوە دەگوازرێتەوە،(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : صالح بن الهادي رمضان, ٢٠١١) ، میتافۆڕی درکپێکراو ڕێگەمان پێدەدات بیربکەینەوەو لەباری شتێکەوە بدوێین بەهۆی شتێکی ترەوە توانای درکپێکردن و کۆزانین و دەربڕینەکانمان بەرزدەکاتەوە،(بڕوانە: Laura J.Speed/ Carolyn O - Meara/ Lila San Roque/ Asifa Majid، 2019) ، بۆ نموونە

٨- نزار پەپوولەیە.

٩- مانگ دەرکەوت .

(پەپوولە، مانگ)سیمای واتایی لە (- مرۆڤ) گۆڕاوە بۆ (+مرۆڤ)،ئێمەش بەهۆی ئەزموون و کۆزانیاریمانەوە دەتوانین درک بەواتای میتافۆرییان بکەین، بەهۆی کۆزانیاریی و ئەزموونەکانمانەوە لە میتافۆڕی درکپێکراو تێدەگەین، تێدەگەین، کە مەودای سەرچاوەو مەودای مەبەست لەنێوان دوو چەمکی جیاوازدان . تایبەتمەندی نێوانیان (بێدەنگی)و (جوانیی)یە.




**٣- کۆزانین و ئەزموون وەک ئامرازی درکپێکردنی مێتافۆڕ :**

ئاشکرایە کەچەند جۆریک واتا لەزماندا هەن، واتای میتافۆریش یەکێکە لەو جۆرانەی واتا، سیمانتیکی درکپێکردن جوار ڕەگەزی سەرەکیی هەیە، وەک بەچەمککردن و واتای ئینسکلوپیدیی ، کۆزانین و ئەزموون، (شیلان احمد اسماعیل، بەهرەسەلام حم غریب، ٢٠٢٠، ل١٨٩)، مرۆڤ بەهۆی کۆزانین و ئەزمونەکانییەوە توانای درکپێکردنی واتای میتافۆڕیی هەیە، بەدەستهێنانی سەرجەم کارامەیی و ڕاستی و کۆزانیارییەکانە، کەلەڕێگەی فێربوون و ئەزموونەکانەوە بەدەستهاتوون، هەروەک تێگەیشتن لە پوختەی زانستەکان، بەدەستهێنانی کۆزانیارییەکانیش لەگەڵ بیرکردنەوەکاندایە، کە لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی مرۆڤدا دەگۆڕێن، بەواتایەکی تر کۆزانیارییەکان، کەلەبەکارهێنانی زمانەوە دروستبوون، مرۆڤ بەهۆیانەوە توانای پەیپێبردن ودرکپێکردنی جیهانی دەوروبەری هەیە(بۆ نموونە،

١٠- ئەو کیسەڵەت بینی چۆن چووبووە قەباغەکەی خۆیەوە؟

١٠-ب ئازادت بینی چۆن خۆی بێدەنگ و فەقیر کردبوو؟

لەنموونەی (١٠-ا)دا کیسەڵ ناوی ئاژەڵە و بۆ مرۆڤ بەکارهاتووە ،کەلە (١٠-ب)دا دەردەکەوێت کەسەکە ئازاد)ە، بەهۆی کۆزانیارییەوە گوێگر توانای درکپێکردنی هەیە، قسەکەر و گوێگر زانیارییان لەبارەی ڕووداوی پێشترەوە هەیە.

مرۆڤەکان بەتێپەڕبوونی کات و ئەزموونکردنیان لەگەڵ دەوروبەر و کلتوردا کۆزانیارییان فراوانتردەبێت ، وێنەی هزری و شارەزایی و لێهاتوویان فراوانتردەبێت، دەتوانن لێهاتووانەتر مامەڵەبکەن و سود لەئەزموونەکان وەربگرن، ئەزموون

بنەمایەکی گرنگە بۆ دەربڕین و درکپێکردن و لێکدانەوەی واتا، بەهۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانییەوە دەتوانێت لێکدانەوەو درکپێکردنەکانی لەوێنەی جیاوازدا بخاتەڕوو.

١١- هیچ کەس لەهاوڕێیەتیکردنی گورگدا قازانجی نەکردووە. لەنموونەی (١١)دا مرۆڤ بەهۆی ئەزموونەکانییەوە تێگەیشتووە، کە ئەو کەسانەی گورگ ئاسان، تا دووربیت لێیان کەمە، هەوڵبدەین لەهاوڕێیەتیکردنیان خۆمان بەدووربگرین.

## تەوەری سێیەم / درکپێکردنی میتافۆڕییانەی ناوی ئاژەڵان لەزمانی کوردیدا(ئاخاوتنی ڕۆژانە) :

زۆرجار بەمەبەستی دەربڕینی بیرو وێنەهزرییەکان پەنادەبەینە بەربەکارهێنانی مێتافۆڕییانەی ناوی ئاژەڵان، ئەمجۆری بەکارهێنانەش شارەزایی زمانیی و توانا ولێهاتوویی قسەکەر دەردەخات، کەدەبەوێت واتاکان کاریگەرتر و سەرنجڕاکێشبن، تا گوێگر شارەزایی و لێهاتووی خۆی بەکاربهێتێت بەمەبەستی تێگەیشتن .

ئاخێوەران توانای درکپێکردنی مێتافۆڕییانەی ناوی ئاژەڵیان بەهۆی( ڕوخسار و کردە)ی لێکچووی مرۆڤ و ئاژەڵانەوە بەدەستهێناوە، ڕادەی دووری و نزیکی مرۆڤ و ئاژەڵان ڕۆڵی گرنگی لەدرکپێکردنی میتافۆڕیی و بەکارهێنانی میتافۆڕییانەدا هەیە ، مرۆڤ تا لەئاژەڵان نزیکتربێت و زیاترئەزموونیان لەگەڵ بکات، زیاتر شارەزای ڕەوشت و ڕەفتاریان دەبێت ,دەتوانێت بەمەبەستی مێتافۆڕییانە بەکاریانبهێنێت، بۆ نموونە، مرۆڤ بەهۆی ئەوەی لەزووەوە ئەزموونی لەگەڵ (سەگ) کردووە، شارەزاییەکی تەواوی لێوەرگرتووە، درکپێکردنی مێتافۆڕییانەی بۆگەیاندنی چەند مەبەستێکی جیاوازە .

١٢- زۆر بەسفەتە هەروەک سەگ وایە. (وەفا)

١٣- زۆر لێی بێزارم ,لەبەرچاوم بووە بەسەگ ( بەنەعلەتکردن)

١٤- بووە بەسەگی پێسوتاو شوێن بەخۆی ناگرێت .( بەردەوام لەهەوڵدان) .

١٥- نازانم ئەو مرەمری لەچییە؟ ( هیچ لەبارانەبوو)

١٦- وەك سەگ پێمانا هەڵشاخا ( بێ ئەدەب)

١٧- دوێنێ کابرام بینی وەک سەگ هەڵدەلەرزی (ترس)

١٨- کابرات بینی ؟چۆن مربووبوو. (تێر)


١٩- باوەڕی پێمەکەن , زۆر سەگە > (زۆرزان)

٢٠- ئەو نانەی دەیخوات لەپای ئەو حەپە حەپەیەتی .(ماستاوچی)

٢١- هەندێک کەس نانی وەڕینەکانیان دەخۆن. ( جنێو فرۆش)

٢٢- ئەوە سەگی گلاوە، نزیکی مەبنەوە . (پیس و خراپەکار)

هەریەک لەم نموونانە بەکارهێنانی میتافۆڕییانەی ناوی سەگە، بۆگەیاندنی واتا و مەبەستی جیاواز بەکاردێن .




**1- بەکارهێنانی میتافۆڕییانەی ناوی ئاژەڵان بەمەبەستی گەیاندنی واتای ئەرێنی و واتای نەرێنی :**

لەفەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا هەندێک لە ئاژەڵان بۆ واتای ئەرێنی و جوانیی و ناسکی بەکاردێن، هەندێکیشیان بەپێی مەبەستەکان واتای ئەرێنی و نەرێنی دەگەیەنن، هەندێک لەئاژەڵانیش بەردەوام بۆگەیاندنی واتای نەرێنی بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە ( کاریلە ) بەهۆی ناسکی و جوانی و پاکییەوە بۆ واتایەکی باش/ئەرێنی بەکاردەهێنرێت .

٢٣- کاریلەکەم وەرە لای دایکی خۆت .

لەگەڵ ئەوەی (سەگ) بۆ واتای نەرێنی بەکاردێت بۆ واتای ئەرێنیش بەکاردەهێنریت ئەمەش بەهۆی ئەزموونە جیاوازەکانییەوەیە، کەمرۆڤ ئەزموونی لەگەڵ کردووە .

٢٤- ا /دەڵێی سەگە لەوەفادا .

٢٤- ب/ باوەڕی پێمەکەن , زۆر سەگە. > (زۆرزان)

بەڵام (مار) بەهۆی نەبوونی تایبەتمەندی باشییەوە، لەبەرئەوەی بەردەوام زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت، هەمیشە بۆگەیاندنی واتای نەرێنی بەکاردەهێنرێت .

٢٥- زمانی زمان نییە مارێکە بۆخۆی.

چەند ساڵبوو لەگەڵ ئەو ماری سڕە هاوڕێ بووم، زۆر درەنگ زانیم ئەوە چ مارێکی سڕە .

گورگ) لەزمانی کوردیدا هەمیشە بۆ گەیاندنی واتایەکی نەرێنی بەکاردێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەئاژەڵێکی درندە ناسراوە .

٢٦- ڕێگە مەدەن ئەوگورگە ببێتە هاوڕێتان.

٢٧- وریابن ئەوگورگە فریوتان نەدات.

لەم شێکردنەوانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی میتافۆڕ لەسەر بنەمای لێکچوون /پەیوەندی نزیکیی نێوان مەودای سەرچاوە و مەودای مەبەست بونیاددەنرێت، کەبەردەوام لەئاخاوتنەکاندا ئامادەییان هەیە.

| ناوی گیاندار | | واتای ئەرێنی | لێکچوون /تایبەتمەندی |
|---|---|---|---|
| ٢٨ | بەرخ | بەرخە نازدارەکەی دایکی هات ساقە هات | +ناسک ،نەرموونۆڵ |
| ٢٩ | کاریلە | کاریلە بچکۆلەکەم وەرە . .کچکەم وەرە. | +ناسکیی وجوانیی |
| ٣٠ | کەناری | کەنارییە دەنگخۆشەکە، شتێکمان بۆ بڵێ نازیار گۆرانییەکمان بۆ بڵێ | +دەنگخۆش |
| ٣١ | کەروێشک | کەروێشکەخرپنەکەم قوربانتبم کچە خرپنەکەم قوربانتبم. | +نەرم وخرپن |
| ٣٢ | پەپولە | دایکم پەپولەیە . | +یێدەنگ ویێوەی |
| ٣٣ | ئاسک | سارا ئاسک ئاسا لەڕاکردندا خێرایە. | +خێرایی |

خشتەی (٢)

| | ناوی گیاندار | واتای نەرێنی | تایبەتمەندی هاوبەش |
|---|---|---|---|
| ٣٤ | کەر | وریابن گوێدرێژ مەکەن بەپێشڕەوتان. | +پێئەقڵ |
| ٣٥ | ڕێوی | ئەمە ڕێوییە، بۆ هەلێک دەگەڕێت. | +فێڵباز |
| ٣٦ | مار | زمانی زمان نییە، مارێکە بۆخۆی. | +پێوەدان |
| ٣٧ | دووپشك | وریای خۆتان بن، باوەک دووپشکە ڕەشە پێتانەوە نەدات. | +پێوەدان |
| ٣٨ | گورگ | ڕێگە مەدەن ئەو گورگە بێتە ناوتان. | +دڕندە |
| ٣٩ | پشیلە | پشیلەیە، هیچی لەبەرچاو نییە. | +بێسفەت |
| ٤٠ | مەیموون | مەیموونی ناشرینە، خۆی بەچی دەزانێت . | +ناشرین |
| ٤١ | شێر | وەک شێر نەڕەی لێوەهات و پەلاماری داین. | +تورە |

خشتەی (٣)

| | ناوی گیاندار | واتای ئەرێنی | واتای نەرێنی |
|---|---|---|---|
| ٤٢ | سەگ | وەفا / پاسەوانی | زۆرزان ،بەنەعلەتکراو، |
| ٤٣ | شێر | هێز و دەسەڵات | زۆردار، تورە |
| ٤٤ | بەران | جوانی | شەرفرۆشتن |
| ٤٥ | مەر | بێدەنگ /بێوەی | گێل |

خشتە(٤)

٢- درکپێکردنی میتافۆرییانەی ناوی ئاژەڵان بەهۆی دەنگەوە:
مرۆڤ دەتوانێت لەنێوان دەنگی ئاژەڵان و شێوەی دەربڕینی مرۆڤەکاندا وێنەی هاوشێوە دروستبکات ، ئەزموون و کۆزانیارییەکانیش کە ئامرازی گرنگی درکپێکردنی میتافۆرن ، هۆکارێکی باشن بۆ درکپێکردن و لێکدانەوەکان و گەیاندنی مەبەستەجیاوازەکان، لەهەریەک لەم نموونانەدا ناوی ئاژەڵان میتافۆرییانە بەکارهێنراون، بەمەبەستی تێگەیشتن لەتایبەتمەندییەک، کە لە مرۆڤەکاندا بوونی هەیە ،لەخشتەیەکدا دەیخەینەڕوو، کە تایبەتمەندییەکان لە ئاژەڵانەوە گواستراونەتەوە بۆ مرۆڤ.

| | ناوی گیاندار | تایبەتمەندی گوازراوە | درکپێکردنی مێتافۆری بەهۆی دەنگەوە |
|---|---|---|---|
| ٤٦ | جوچکە | جوکەجوك | / ئامە جوکە، هەر جوکەی لێوە دێت. |
| ٤٧ | سەگ | مرە<br>قورسکە<br>وەڕین<br>حەپەحەپ | / شێرزاد مرەی لێوە دەهات.<br>/سەروان لەترسا قورسکە قورسکی بوو.<br>/ هەندێک کەس پیشەیان بووە بە وەڕین.<br>/ کابرا لەحەپەحەپ ناکەوێت. |
| ٤٨ | شێر | نەڕە | شێرزاد بەردەوام نەڕەی لێوەدێت |
| ٤٩ | قاز | قیرە قیر | پێیان بڵێن قیرەقیر نەکەن |
| ٥٠ | مانگا | بۆرەبۆر | ئایلان بەردەوام بۆرەبۆرێتی |
| ٥١ | گورگ | لورەلور | بێدەنگ بن لەوەزیاتر لورەلورمەکەن |
| ٥٢ | ئەسپ | حیلکەحیلك/ | ئەوە بۆچی حیلکەحیلکیانە |
| ٥٣ | کەر | زەڕە | میران زەڕاندی |
| ٥٤ | مشك / جرج | قرتە قرت | /ئارا وازلە نانەڕەقە ناهێنێت، قرتەقرتێتی |

خشتەی (٥)

٣- درکپێکردنی میتافۆرییانەی ناوی ئاژەڵان بەهۆی ڕواڵەتەوە.
هەروەک چۆن مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی دەنگ و ڕەفتارەوە وێنەی میتافۆریی لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا دروستبکات و توانای درکپێکردنیانی هەبێت، بەهەمان شێوە دەتوانێت بەهۆی ڕواڵەتەوە میتافۆرییانە وێنەی هاوشێوە دروستبکات، بەهۆی ئامرازەکانی درکپێکردنی میتافۆڕ (کۆزانین ، ئەزموون )ەوە، توانای درکپێکردنی میتافۆرییانەمان بۆ دەربڕاوەکان هەیە، کاتێک دەڵێین بەهۆی ڕواڵەتەوە، مەبەست (گەورە، زل، بچووک، ورد، قەڵەو، لاواز، لات، درێژ، ئەستور، لول، ....)کەلەشێوەدا لەیەکدەچن، تایبەتمەندی لێکچووی ئاژەڵ دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ، مەوداکان لەنێوان دوو چەمکی جیاوازدان.

٥٥- کچەکەی شۆخان یەکانەیەکە بۆخۆی .( یەکانە تاقانەی بێچووی بەرازە کە تێر شیر دەبێت)(.بەخۆ و تێر) .

+مرۆڤ +ئاژەڵ
+مێ +دڕندە
+_ هەراش + بێچوو
+ بەخۆ و تێر ← + بەخۆ و تێر
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٥٦- سارا بووە بە ورچ ئەوەندە قەڵەو بووە .(قەڵەو)

+مرۆڤ +ئاژەڵ
+مێ +دڕندە
+_ هەراش + بێچوو
+ قەڵەو ← + قەڵەو
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٥٧- سەرگامێش هات .(گەورە) سەرگامێش دیلان

دیلان سەرگامێش
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر + گیاخۆر
+ گەورە ← + گەورە
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٥٨- زەڕنەقوتەیەکە قسەی چی دەکات. (بچووک) زەڕنەقوتە لەنجە

لەنجە زەڕنەقوتە
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+مێ +_مێ
+ بچووک ← +بچووک
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٥٩- ڕێوی گەڕە هیچ ناخوات.( لات وپیس) ڕێوی کاوە

کاوە ڕێوی
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+_ هەراش ← + دڕندە
+ لات ولاواز ← + لات و لاواز
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٦٠- باشە ئەو کەرکەدەنە بۆ بێدەنگ نابێت ؟(زل و بێکەڵک) کەرکەدەن شێرکۆ

شێرکۆ کەرکەدەن
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+_ هەراش + _هەراش
+ زل وبێکەڵک ← +زل وبێکەڵک
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٦١- عومەرە کونەپەپوو هات .(چاوگەورە)

عومەر کونەپەپوو
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +باڵندە
+_ هەراش +شووم
+ چاوبچووک ← + چاوبچووک
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٦١- بیدەنگبە هەی قەلەڕەش. (ڕەش)    قەلەڕەش    چۆمان

| چۆمان | قەلەڕەش |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +نێر | +باڵندە |
| +_ هەراش | +_ بێچوو |
| + ڕەش ← | + ڕەش |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٦٢- شوانە چاو پشیلە هات .(شین )

| شوانە | پشیلە |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +نێر | +_نێر |
| +_ هەراش | + ماڵیی |
| + شین/سەوز ← | + شین /سەوز |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٦٣- دەم کەناریتان بینی ؟(بچووک)    کەناری    خانم

| خانم | کەناری |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +مێ | +_مێ |
| +_هەراش | +باڵندە |
| + بچووک ← | +بچووک |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٦٤- سەیری ئەو دەم و لچە دەڵێی مەیموونە .(ئەستور)    مەیموون    شنۆ

| شنۆ | مەیموون |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +مێ | +_مێ |
| +_ هەراش | + _هەراش |
| +لچ ئەستوور ← | + لچ ئەستوور |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٦٥- سەیری ئەو سەر وقژە،دەڵێی شێرە (گژو پژ)    شێر    ڕێبەر

| ڕێبەر | شێر |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +نێر | +نێر |
| +_ هەراش | +دڕندە |
| + گژو پژ ← | + گژو پژ |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٦٦-شلێر بووە بە زەڕافە (درێژ)

| شلێر | زەڕافە |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +مێ | +_مێ |
| +_ هەراش | + گیاخۆر |
| + درێژ ← | + درێژ |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٤- درکپێکردنی میتافۆرییانەی ناوی ئاژەڵان بەهۆی ڕەفتارەوە.

مرۆڤ زۆر جار لەدەربرینەکانیدا، ناوی ئاژەڵان بەشێوەیەکی میتافۆرییانە بەکاردەهێنێت، بەمەبەستی تێگەیشتن و پەیپێبردنی ڕەفتارێکی دیارەوە، مرۆڤ پشت بەمۆدێلی ئاوەزیی دەبەستێت، مۆدێلی ئاوەزییش پشتبەست بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانەوە، جیهان وێنادەکات( بەهرە سەلام حم غریب، شیلان احمد اسماعیل، ٢٠١٩، ل٢٤)، میتافۆڕیش بونیادێکی ئاوەزییە، وێنەیەکە لە وێنەی درکپێکەرانە، جیهانێکی بیریی و هزریی بونیاددەنێت(شیلان احمد اسماعیل، بەهرە سەلام، ٢٠٢٠، ل١٩٤) ،لەدەربڕینی واتای میتافۆڕیشدا کۆزانین، تواناو لێهاتوویی ، ئەزموونی قسەکەر دەردەخات ، چونکە ئەگەر شارەزای ڕەفتاری ئاژەڵان نەبێت، ناتوانێت بەشێوەیەکی میتافۆریی دەریانبڕێت، لەبەرامبەریشدا دەبێت گوێگر کۆزانین و ئەزموونی کەمترنەبێت، تا بتوانێت ، توانای پەیپێبردنی واتای دەربڕاوی هەبێت .

٦٧- وەک جرج لەکون دەریانهێنا.

لەنموونەی (٧٣)دا وشەی (جرج) میتافۆڕییانە بەکارهێنراوە، بەمەبەستی تێگەیشتن، لەڕەفتاری کەسێک، کە لەترسا وەک جرج لەکوندا خۆی حەشارداوە، کەواتە بەهۆی بوونی تایبەتمەندی هاوبەش لەنێوان کەسەکە و جرجدا، کە (+ترس)ە ، دەربڕاوەکەمان لەچەمکی مرۆڤەوە گۆڕاوە بۆ چەمکی ئاژەڵ.

٦٨- ئای لەوە داڵەکەش قەلەباچکە دەرچوو.

لەم نموونەیەدا باس لەکەسیک دەکرێت، کە خۆی زۆر بەبەهێز و توانا نیشانداوە، بەڵام دواتر دەرکەوتووە کەکەسێکی بێدەسەڵاتە .

| کەس | داڵ | قەلەباچکە |
|---|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ | +ئاژەڵ |
| +_نێر | | |
| +_هێز | +هێز | -هێز |
| مەودای سەرچاوە | ← | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | | چەمکی ئاژەڵ |

٦٩- شێرکۆ هەرکەس ئێسقانێکی بۆ هەڵبدات، کلکەلەقەی بۆ دەکات (سەگ).

| شێرکۆ | سەگ |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +نێر | +_نێر |
| +_ هەراش | +دڕندە |
| + ماستاوچی ← | + ماستاوچی |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٧٠- هەر دەڵێن کەر بازاڕی نییە، ئەی ئەوە نییە ئەمانە بازاڕیان چەند گەرمە.

| کۆمەڵێک مرۆڤ | کەر |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +_نێر | +_نێر |
| + گێل ← | + گێل |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٧١- شەرمە لەسەر کەلاکی کوردایەتی بخۆیت و بخۆیتەوە دوایش بڵێی فشەیە.

| کورد | کەلاک |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +_نێر | +_نێر |
| - ژیان ← | ژیان |
| +پاشماوەی لاشە ← | +پاشماوەی لاشە |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٧٢- مشکە کوێرە هات . (شت شاردنەوە(    ئالان    مشک

| ئالان | مشکەکوێر |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +نێر | +_نێر |
| +_ هەراش | +گلاو |
| + شت شاردنەوە ← | + شت شاردنەوە |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٧٣- جرجە بەنیازە تاکەی کۆی بکاتەوە .(ڕەزیل)    ئەرکان ←    جرج

| ئەرکان | جرج |
|---|---|
| +مرۆڤ | +ئاژەڵ |
| +نێر | +_نێر |
| + ڕەزیل ← | + ڕەزیل |
| مەودای سەرچاوە | مەودای مەبەست |
| چەمکی مرۆڤ | چەمکی ئاژەڵ |

٧٤- بووە بە ماسی تەڕنایێت . بێ چاووروو
شێرکۆ ماسی
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+_ هەراش +ئاویی
+ بێ چاووروو ← + بێ چاووروو
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٧٥- بووە بە مەیموون بەبەرد و داردا خۆی هەڵدەواسیت.
شێرکۆ مەیموون
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+ خۆهەڵواسین ← + خۆهەڵواسین
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٧٦- خۆ مەیموون نییە، ئەو هەموو مۆزە بخوات .
شێرکۆ مەیموون
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+_ هەراش +شیردەر
+ مۆز خۆر ← + مۆز خۆر
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٧٧- ئانیا ئێستا هەست بە حاڵی مریشکی ناو فرنەکان دەکات (لەکاتی گەرما).
ئانیا مریشک
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+_ هەراش +_هێلکەکردن
+ گەرمیی زۆر ← + گەرمیی زۆر
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٧٨- شیرین ئێستا هەست بە حاڵی مریشکی بەستوو دەکات (لەکاتی سەرما).
شیرین مریشک
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+_ هەراش +باڵندە
+ سەرمای زۆر ← + سەرمای زۆر
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٧٩- ئازاد هەر ئێمەی بینی کەربوو.
ئازاد کەر
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+_ هەراش +گێل
+ ێئەقڵ ← + ێئەقڵ
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٨٠- دەڵێی داڵەکەرخۆرەیە هەر دەخولێتەوە.
شێرکۆ داڵەکەرخۆرە
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+_ هەراش +گۆشتخۆر
+ خولانەوە ← + خولانەوە
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٨١- دەڵێی سەگە دەلەرزێت
شێرکۆ سەگ
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+نێر +_نێر
+ ترس/لەرزین ← +ترس/لەرزین
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٨٢- شێرەژن هەستاو قسەی خۆی کرد.
شیرین شێری مێ
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+مێ +مێ
+ هەراش +هەراش
+غیرەت/متمانە ← + غیرەت /متمانە
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

٨٣- تەماشای ئەو فێڵبازەبکەن چۆن خۆی کردووە بەمەڕ .
شێرکۆ مەڕ
+مرۆڤ +ئاژەڵ
+_ هەراش +گیاخۆر
+ ێدەنگ ← + ێدەنگ
مەودای سەرچاوە مەودای مەبەست
چەمکی مرۆڤ چەمکی ئاژەڵ

هەوڵدەدەین لەخشتەیەکدا درکپێکردنە میتافۆڕییەکانی ناوی ئاژەڵان بەهۆی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیانەوە بخەینەڕوو، گواستنەوەی تایبەتمەندی ئاژەڵان بۆ مرۆڤ، مەوداکان لەنێوان دوو چەمکی جیاوازدان، کەچەمکی مرۆڤ و چەمکی ئاژەڵن.

| | ئاژەڵ | کردە | دەنگ | ڕووخسار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شێر | هێز | نەڕەکردن | قژن |
| ٢ | ورچ | ----- | بۆڵەبۆڵ | قەڵەو |
| ٣ | گورگ | فێڵباز | لورەلور | شێوەی [illegible] |
| ٤ | ڕێوی | فێڵباز | | لات و گەر |
| ٥ | ئاسك | ڕاکردن | ----- | جوانیی |
| ٦ | زەڕافە | ----- | ------ | باڵا |
| ٧ | وشتر | ێئەقل | ----- | ------ |
| ٨ | ئێستر | زل و جوڵەجوڵکەر | ---- | زل وبەتوانا |
| ٩ | ئەسپ | ---- | حیلکە حیلکیەتی | قژی وەک [illegible] |
| ١٠ | کەروێشک | زوونوستن- [illegible] | ---------- | دانەکانی [illegible] |
| ١١ | مەیموون | سەرکەوتن بەسەر داردا | ---------------- | لوت پان |
| ١٢ | کەر | ێئەقڵیی | زەڕەزەر | ------- |
| ١٣ | گا | قۆچدان | ---------- | سەرەگامێش |
| ١٤ | بەران | شەڕفرۆش | ----- | ----- |
| ١٥ | مەڕ | ێدەنگ/گێل | باڕەبار | قەڵەو |
| ١٦ | بەرخ | ێدەنگ | باڕەبار | ناسکی و [illegible] |
| ١٧ | بزن | هار و وریا | باعەباع | توکن |
| ١٨ | مانگا | ێئەقڵ | بۆرەبۆر | زل وناشرین |
| ١٩ | کارەمێچکە | هاروهاج | باعەباع - | ------ |
| ٢٠ | سمۆرە | گویزخواردن/بەداراسەرکەوتن | - | دانی گەورە |
| ٢١ | چۆلەکە | ----- | جریوەجریو | ----- |
| ٢٢ | توتی | قسەدووبارەکردنەوە | ---- | ----- |
| ٢٣ | دارکونکەرە | ێزارکەر | ----- | ----- |
| ٢٤ | کەناری | دەنگخۆش | ----- | دەم بچووک |
| ٢٥ | کەو | ----- | قاسپەقاسپ | جوانیی |
| ٢٦ | کونەپەپوو | ----- | ----- | چاوگەورە |
| ٢٧ | قاز | تەڕنەبوون / تەنها | قیرەقیر | ---- |
| ٢٨ | قەل | ------ | قولەقول | لوتشۆرکردن |
| ٢٩ | نەعامە | ڕاکردن | --- | درێژ وبەرز |
| ٣٠ | کەڵەشێر | خۆگەفکردنەوە | قوقاندن | --- |
| ٣١ | مریشك | هێلکەکردن | گارەگار | ----- |
| ٣٢ | ماسی | تەڕنەبوون /ئاوخواردن | ----- | ---- |
| ٣٣ | بۆق | ------ | قیرقیرکردن | چاوبۆق |
| ٣٤ | خاڵخاڵۆکە | ----- | ----- | جوانیی |
| ٣٥ | پەپوولە | لەسەرخۆ / ێتاوان | ----- | جوانیی |
| ٣٦ | زەردەواڵە | ێوەدان | --- | ----- |
| ٣٧ | زەردەزیرە | ێوەدان | ---- | ------ |
| ٣٨ | کیسەڵ | خاوەخاو | ----- | کور و کۆم |
| ٣٩ | سەگ | وەفا / زۆرزان | حەپەحەپ/وەڕین | ناشرین و [illegible] |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠ | دەڵ | پاڵکەوتن | قوروسکە | ------ |
| ٤١ | توتکە | بەدواکەوتن | | جوانیی |
| ٤٢ | بەراز | دڵی بەرازە | ------- | یەکانە |
| ٤٣ | کرم | جوڵەجوڵکەر | ......... | لاواز |
| ٤٤ | مار | ژاراوی –زمان خراپ | ------ | چاوزەردەمار |
| ٤٥ | دووپشک | ژاررشتن | ----- | ---- |
| ٤٦ | پشیلە | یێوەفا/ نەوسن | میاواندن | چاوشین/سەوز |

خشتەی (٦)

## ئەنجام

١- میتافۆری زمانیی، بەکارهێنانی میتافۆرە لەزۆربەی شێوازەکانی گەیاندن (وتاری ئاینی،گوتاری رۆژنامە، ئاخاوتنی رۆژانە، نوسینی فەلسەفی، بواری ئەدەبی،.... )دا، بەڵام کەدەڵێین میتافۆری چەمکیی (بوونی مەودای سەرچاوە و مەبەستە لەنێوان دوو چەمکی جیاوازدا، گواستنەوەی تایبەتمەندییە لەنێوانیاندا، پەیوەندییەکی جەمکیی نوێ دروستدەکات.

٣- میتافۆری درکپیکراو ئەو میتافۆرانەن، کە دەتوانین بەهۆی کۆزانین و ئەزموون وەک ئامرازی درکپێکردنی مێتافۆر، درکیانپیبکەین، ئاخیوەر بەهۆی کۆزانین و ئەزموونەوە توانای درکپێکردنی هەیە، تێگەیشتن لەچەمکەکان دەهێننەئاراوە، قسەکەر ئەو ئەزموونەی پێیدا تێدەپەرێت دەگۆرێتەوە بە تەرزێکی ئەبستراکتی وەک میتافۆر.

٤- دەتوانین بەهۆی درکپێکردن و بەکارهێنانی میتافۆرییانەی زمانەوە وێنەی هاوشێوە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا دروستبکەین، ئەویش لەرێگەی (دەنگ، کردە، رواڵەت)ی گیاندارانەوە ، بەمەبەستی گەیاندنی واتای ئەرێنی و نەرێنی.

## سەرچاوەکان


١- ئاڤێستا کەمال محمود، ئاوازەداریی و درککردنی زمانیی جێناوەلکاوەکان لەزمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٣٤)، ٢٠٠٩.

٢- ئاڤێستا کەمال محمود، وێنەی هزری، ئاوازەداریی ولێکدانەوە سایکۆزمانییەکان، رۆمانی (جەمشیدخانی مامم)وەک مۆدێلێکی جیهانبینی کورد، زانکۆی سلیمانی، ژمارە (٤٢)، ٢٠١٣ .

٣- بەکر عمر علی، میتافۆر لەروانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، ٢٠٠٠.

٤- بێستوون حسن ئەحمەد،لێکدانەوەی سیمانتیکی و پراگماتیکیی دەربراوە چەسپاوەکان لەزمانی کوردیدا، ٢٠١٨.

٥- بەهرە سەلام حم غریب، شیلان ئەحمەد ئیسماعیل، درکپێکردنی وێنەی هزری لەوێنەی شیعریدا (عەبدوڵا پەشێو بەنمونە)، زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە(٧)، ٢٠١٩ .

٦- دارا حمید محمد، واتاسازی(هەندێک لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیکی زمانی کوردی،چاپەمەنی ژیر، سلێمانی، ٢٠١٠):

٧- رۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردیی، ٢٠٠٧ .

٨- سازان رەزا معین، واتا ودەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥ .

٩- - شیلان ئەحمەد ئیسماعیل، بەهرە سەلام حم غریب، میتافۆرە چەمکییەکان لەزماندا، زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٠

١٠- شیلان ئەحمەد ئیسماعیل، تێکردە بیرییەکان لەپەیکاڵبوونی (فۆرم)و(واتا)دا، ٢٠١٥ .

١١- شیلان عمر حسەین، لێکسیکۆ سیمانتیکی وشە لەئەدەبی کوردیدا، زانکۆی راپەرین، ژمارە(١٣)، کۆنفرانسی (کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستیی، کانونی یەکەمی ٢٠١٧.

١٢- کاروان عمر قادر، سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی رێزمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٤)، ٢٠١٢.

١٣- نەریمان حسن کەریم، دروستەی سیمانتیک لەزمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦.

١٤- نالی ئەدهەم غەریب، درکپێکردنی میتۆنۆمی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلیمانی، ٢٠١٦.

١٥- صالح بن الهادي رمضان, النظرية الادراكية وأثرها في الدرس البلاغي (الاستعارة نموذجا , السجل العلمي لندوة: الدراسات البلاغية- الواقع والمأمول, جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية, الرياض, السعودية, ٢٠١١ .

16- Laura J.Speed/ Carolyn O Meara/ Lila San Roque/ Asifa Majid, Perception Metaphors, JOHN BENJAMINS PUBLISHING COMPANY, 2019.